(زۆر بیخوێنن -له کاتی نزاکردندا- : (یاذا الجلال والإکرام

له ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «زۆر بیخوێنن (ودووبارەی بکەنەوە) -له کاتی نزا کردندا-: (یاذا الجلال والإکرام)*». *(ئەی خاوەنداری شکۆداری وبەخشندەیی-ڕێزلێنان-)

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا دووپاتکراوە لە سەر بەردەوام بوون وزۆر ووتنی ئەم دەستەواژەیە لە کاتی نزا کردندا: (یاذا الجلال والإکرام)*، مەبەست ئەوەیە کە بەردەوام بن لە خوێندنی لە کاتی نزاکانتاندا وبا هەردەم لەسەر زمانتان بێت، چونکە ناوێک لە ناوەکانی خودایە، ووتراوە: مەزنترین ناوی خودایە: (ذا الجلال والإکرام)، چونکە هەموو سیفەتێکی (-پەروەردگاریێتی وخودایەتی لەخۆگرتووە. *(ئەی خاوەنداری شکۆداری وبەخشندەیی-ڕێزلێنان

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3167